# ئەمە ڕەحمەت وبەزەییەکە خوای گەورە دەیکاتە نێو دڵی بەندەکانی، خوای گەورە ڕەحم دەکات بەو بەندەکانەی کە بە ڕەحم وبەزەیین

له ئوسامەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کوڕی کچەکەی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بەرزکرایەوە لە کاتی مردنیدا، چاوەکانی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- پڕبوو لە فرمێسک، سەعد پێی ووت: ئەمە چییە ئەی پێغەمبەری خودا ؟! ئەویش فەرمووی: «ئەمە ڕەحمەت وبەزەییەکە خوای گەورە دەیکاتە نێو دڵی بەندەکانی، خوای گەورە ڕەحم دەکات بەو بەندانەی کە بە ڕەحم وبەزەیین (بەرامبەر خەڵکی)«.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئوسامەی کوڕی زەید -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە یەک لە کچەکانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کەسێکی نارد بۆ ئەوەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە لای ئامادە بێت چونکە کوڕەکەی خەریکە دەمرێت، ولە گێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەواڵی پێگەیشت وپێی فەرموو: (فەرمانی پێبکە؛ ئارام بگرێت وداوای پاداشت بکات، خودا ئەوەی بیباتەوە موڵکی خۆیەتی وئەوەیشی ببەخشێت هەر موڵکی خۆیەتی، وهەموو شتێک لە لای ئەو کۆتایی وئەجەلێکی دیاریکراوی هەیە)، وفەرمانی بە نێردراوەکە کرد کە ئەم وشانە بە کچەکەی - دایکی منداڵەکە- بڵێت، (ئارام بگرێـت): لەسەر ئەم کارەساتە. (وداوای پاداشت بکات): بەهۆی ئەم ئارامگرتنە داوای پاداشت لە خودا بکە؛ چونکە خەڵک هەیە ئارام دەگرێت بەڵام داوای پاداشت ناکات، بەڵام ئەگەر ئارام بگرێت وداوای پاداشت بکات ئەوا پاداشتی دەدرێتەوە. (خودا ئەوەی بیباتەوە موڵکی خۆیەتی وئەوەیشی ببەخشێت هەر موڵکی خۆیەتی): بەڕاستی ئەمە ڕستەیەکی زۆر مەزنە؛ هەموو شتێک موڵکی خودایە بۆیە ئەگەر شتێکت لێ بسێنێتەوە ئەوا موڵکی خۆیەتی، چۆن تورە دەبیت وناڕازی دەبیت لەسەر ئەوەی شتێکت لێ بسێنێتەوە لەکاتێکدا موڵکی خۆیەتی؟ بۆیە سونەتە ئەگەر مرۆڤ ناخۆشیەکی بەسەردا هات بڵێت: - إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ - واتا: -ئێمە موڵکی خوداین، وهـەر بـۆ لای خـودا دەگەڕێینـەوە- بۆیـە خـودا هەرشتێـک بهێنێـت بەسـەرماندا ئـەوا ویسـتی خۆیەتـی، ئـەوەی خـودا دەیبەخشێت موڵکی ئێمە نییە، بەڵکو هەمووی موڵکی خودایە، ومرۆڤ ناتوانێت بە ویستی خۆی ئەوەی خودا پێی بەخشیووە بەکاریبهێنێت چونکە لەڕاستیدا مرۆڤ موڵکی ئەو شتە نییە ودەبێت بەو شێوەیە بەکاریبهێنێت کە خودا ڕێگەی پێداوە، بۆیە ئەگەر ئەوەی موڵکی خودا بێت وبیبەخشێت چۆن دەبێت مرۆڤ ناڕەحەت ودڵتەنگ بێت کاتێک بەخشینەکە بۆ لای خۆی دەباتەوە؟ وچۆن دەبێت تورە وناڕازی ببین لەکاتێک کە پادشا موڵکی خۆی بۆ لای خۆی بباتەوە -سبحانه وتعالی-؟ ئەمە پێچەوانەی ئەقڵ ودەقە!. وفەرمووی: (وهەموو شتێک لە لای ئەو کۆتایی وئەجەلێکی دیاریکراوی هەیە): ئەگەر لەم بابەتەش دڵنیا بوویت لەگەڵ ئەوەی پێشووتردا ئەوا ڕازی دەبیت، وئەم ڕستەیە مانای ئەوەیە کە مرۆڤ ناتوانێت ئەوەی نووسراوە بیگۆڕێت نە بە پێشخستن ونە بە دواخستن، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ إِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَلا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلا يَسْتَقْدِمُونَ} [یونس: 49] واتە: {بۆ هەموو گەل و نەتەوەیەک کاتێکی دیاری کراو هەیە ئەگەر کاتەکەیان هات ئەوا نە ساتێک دوا دەکەون ونە پێشیش دەکەون}، ئەگەر شتێک لە قەدەردا بڕیاری لەسەر درا بێت ئەوا مرۆڤ ناتوانێت پێشی بخات ودوای بخات، بۆیە تورە بوون وناڕازی بوون هیچ سوودێکی نییە چونکە هیچ شتێک ناگۆڕێت وتەنها زیانی دەبێت، ئەم ڕستانە گەیشت بە کچەکەی بەڵام ئەو داوای کرد کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بەپەلە ئامادەبێت بێت چونکە زۆری نەماوە کە کوڕەکەی بمرێت، ئەویش -صلی الله علیه وسلم- هەستا لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوەڵان وگەیشتە لای، وکوڕەکە بەرزکرایەوە بۆ باوەشی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وتووشی هەناسە بڕکێ هاتبوو، بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- گریا وبە

چاوەکانیدا فرمێسک هاتە خوارەوە، سەعدی کوڕی عوبادە -کە سەرۆکی هۆزی خەزرەجە- پێی وابوو کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ناڕازییە بۆیە گریا، بەڵام پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (ئەمە ڕەحمەتە) واتا گریا وەکو ڕەحمەتێک بەرامبەر ئەم منداڵە نەک بەهۆی ناڕازی بوون لەسەر قەزا وقەدەری خودا، وپاشان فەرمووی: (وخوای گەورە ڕەحم بەو بەندانە دەکات کە بە ڕەحم وبە بەزەیین بەرامبەر بە خەڵکی) وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گریان ئاساییە بۆ کەسێک کە تووشی ناخۆشی هاتبێت بەڵام بە بێ ئەوەی ببێتە هۆی نیاحە ودەنگ بەرزکردنەوە دەربڕینی ناڕازی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6405